ئەنجووومەنی نوێنەرانی ئەمریکا دەنگ لەسەر پرۆژە یاسایەک دەدات کە تیکتۆک ناچار دەکات پەیوەندیی لەگەڵ خاوەنەکەی بپچڕێنێت

ئەمڕۆ چوارشەممە، ئەنجووومەنی نوێنەرانی ئەمریکا دەنگ لەسەر پرۆژە یاسایەک دەدات کە ئەپلیکەیشنی تیکتۆک ناچار دەکات پەیوەندییەکانی لەگەڵ خاوەنە چینییەکەی بپچڕێنێت، ئەمەش لە چوارچێوەی سزای قەدەغەکردنی ئەپەکە لە ئەمریکا.

ئەم پرۆژە یاسایە کە ناوی پاراستنی ئەمریکییەکان لە ئەپلیکەیشنە بیانییە، بە گەورەترین مەترسی لەسەر ئەپلیکەیشنەکە دادەنرێت و پاش ئەوە دێت کە نیگەرانیی لەلایەن حکومەت و بەرپرسانی ئەمنی دروستببوو لەبارەی خاوەندارێتییەکەی کە وەاتە چینە.

بەیارە دەنگدانەکە کاتژمێر پێنج بەکاتی کوردستان ئەنجامبدرێت و ئاژانسی فرانس پرەس پێشبینیدەکات بە کەدەنگی و ئاسانی لە نێوان هەردوو حزبی کەماری و دیموکراتەکان تێپەڕێت، بەوپێیەی تەنیا لە ئەمریکا ئەپلیکەیشنەکە 170 ملیۆن بەکارهێنەری هەیە.